# دونیا خۆش وبەچێژە، وخوای گەورە ئێوەی کردووە بە جێنشینی یەکتر لەسەری بۆئەوەی بزانێت کە چۆن کردەوە دەکەن، بۆیە خۆتان بپارێزن لە دونیا وخۆتان بپارێزن لە ئافرەتان

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دونیا خۆش وبەچێژە، وخوای گەورە ئێوەی کردووە بە جێنشینی یەکتر لەسەری بۆئەوەی بزانێت کە چۆن کردەوە دەکەن، بۆیە خۆتان بپارێزن لە دونیا وخۆتان بپارێزن لە ئافرەتان، چونکە یەکەم فیتنە وتاقیکردنەوەی نەوەکانی ئیسرائیل لە ئافرەتان بوو».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەو کە دونیا تامێکی بەچێژی هەیە، وسەوز وسەرنجڕاکێشە، بۆیە مرۆڤ پێی هەڵدەخەڵەتێت وڕۆدەچێت لەنێو خۆشیەکانی وگەورەترین هەم وهەوڵدانی بۆ دونیا دەبێت. خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ئێمەی کردووە بەجێنشینی یەکتر لەم دونیایەدا، بۆئەوەی بڕوانێت چۆن کردەوە دەکەین، گوێڕایەڵی دەبین، یان سەرپێچی دەکەین؟ پاشان فەرمووی: وریا بن شتومەکە ڕازێنراوەکانی دونیا هەڵتان نەخەڵەتێنێت، وببنە هۆی ئەوەی وازبهێنن لە فەرمانەکانی الله، وتووشی نەهی لێکراوەکان ببن. و لەگەورەترین فیتنەکان کە دەبێت پیاوی مسوڵمان وریای بێت بریتیە لە فیتنەی ئافرەتان، ویەکەم فیتنە کە تووشی بەنی ئیسرائیل هات ؛ فیتنەی ئافرەتان بوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3053

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee